قورئان
لەنێوان ئێمە و ئەواندا

سەروەر پێنجوێنی

لە کوردستاندا کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و نوسەری ئیسلامی هەن کە جگە لە باوەڕێکی ئایینی کە هیچ پێوەی ماندو نەبون و جگە لە ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامیی سادە و شارەزاییەکی کەم‌وکورت لە کەلەپوری ئیسلامی، هیچی تریان پەیدا نەکردوە و زیاتر لەوە خۆیان ماندو نەکردوە.. لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان بەسەر باس‌وخواسی ئیسلام و قورئان و ئاییندا سەپاندوە و حەزیان لەوەیە ئەو قسەوباسانە قۆرخ بکەن و پێیان وایە هەر مافی خۆیانە قسەوباسیان لەسەر ئیسلام و قورئان هەبێت.. ئیتر ئەگەر کەسێك بێت و بەجیا لە ئینتیمای ئایدیۆلۆجیایی ئەوان توێژینەوە و بیروڕا و قسەوباسی لەسەر ئیسلام و قورئان هەبێت و کۆششی خۆی لەو بوارەدا بخاتە بەر چاوی خوێنەران؛ ئەوان پێیان وایە کە ئەو کەسە دەستی بۆ شتێك بردوە کە تەنها مافی ئەوانە دەستی بۆ ببەن، بەڵکو ـ بە پشتبەستن بە نمونەیەکی خراپ و بێکەڵکی وەکو نوسینەکانی خاوەنی کتێبی (*سێکس و شەرع و ژن*) ـ تۆمەتباری دەکەن بە (نەزانی) و (بێشەرمی)، یانی گوایە هەر کەس توێژینەوەی ڕەخنەیی لەسەر ئیسلام و قورئان بکات ئەوە هەم (نەزان) ـە و هەم (بێشەرم) ـە، واتە لە نەزانیەوە ڕەخنە دەگرێت و ئەگەر شارەزا بوایە ڕەخنەی لە ئیسلام نەدەگرت، و بێشەرمیشە و سوکایەتی بە ئیسلام دەکات.. ئەم بیرکردنەوەیە دەستپێکی پرۆژەیەکی ئایینیی داکۆکیکارانەی وەکو پرۆژەی (تیشك) ـە، بەڵکو وێردی سەر زمانی هەمو ئەوانەیە کە دەکرێت پێیان بڵێین ڕۆشنبیری ئیسلامی.. بەڵکو ئەوانە هەمو توێژەر و نوسەرێکی ڕەخنەگر بە بەکرێگیراو و هاندراو و (دەست) و (نەخشە) و (پیلان) لە قەڵەم دەدەن.. خۆیان لەوە بێئاگا دەکەن کە هەمو نوسەر و توێژەرێك مرۆڤێکی عەوداڵە و بیرکردنەوەی خۆی هەیە. هەروەها هەر کەسێك ڕەخنەی گرت ئەوان تۆمەتباری دەکەن بەوەی زانیاریەکان دەدزێت و خۆی خاوەنی قسە و زانیاریەکانی خۆی نیە. ئەم تۆمەت و قسەوقسەڵۆکانەش، هەمویان لە ڕق و دەمارگیریی ئایینیەوە سەرچاوە دەگرن.

من لە زۆر بابەتدا سەلماندومە کە نوسەرە ئیسلامیەکان و مەلاکان، خۆیان نەزانن و ئاگاییان لە ئیسلام کەم‌وکورتە، و هەر نوسەرە ئیسلامیەکانیش زیاتر زمانی سوکایەتی و ناوزڕاندن بەکار دەهێنن. پێویستیش بە نمونەهێنانەوە ناکات، ئەگەر کەسێك تەنها تەماشایەکی ئەو شتانە بکات لەسەر من نوسراون ئەو ڕاستیەی بە ڕونی بۆ دەردەکەوێت.

نمونەیەکی نزیکی ئەم جۆرە قسە و تۆمەتانە، ئەو داکۆکیە لاواز و هەژارەی بڵاوکراوەیەك بو بە ناوی (مەودا) (ژمارە ٥) پاشکۆی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) (ژمارە ٤٤٦) (٢٠١٠/١١/٢)، بە ناونیشانی (مەودایەك لەپێناوی قورئاندا). ئەم تەوەرەیە کە ژمارەیەکی ئەو بڵاوکراوەیەی بۆ تەرخان کرابو، لەوەدا کورت دەبێتەوە کە گوایە

(عەلمانیەتی کوردی) و بەتایبەتی دەزگای چاودێر، کەوتوەتە (دژایەتیکردنی ئیسلام) و "بازاڕی کەساس بوە و دەیەوێت لەسەر قورئان خۆی بژیێنێتەوە" [هەروەکو ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بازاڕێکی ڕەواجداری هەبێت!] و لەم بابەتانە.. لە ناوەڕۆکیشدا ئەو قسانە درێژەیان هەبو، لەگەڵ هەندێك قسەی تر کە ماندو نابن لە دوبارەکردنەوەیان، وەکو ئەوەی دەڵێن "هەرچی عەلمانیەکان دەینوسن وەرگێڕان و گواستنەوەی نوسینی عەلمانیەکانی عەرەبە" [ئەمە لە کاتێکدا هەمو ڕۆشنبیریەکەی ئەوان سەرلەبەری وەرگێڕانی کولتوری عەرەبی ـ ئیسلامیە] و دەڵێن "ئەوەی ئەوان دەیکەن لە دنیای عەرەبدا هیچی بەدەستەوە نەداوە" [هەروەکو ئیسلامی سیاسی لە دنیای عەرەبدا شتی زۆری بەدەستەوە دابێت!] و دەڵێن "ئەوانە کۆمەڵێك خەڵکی داخلەدڵن بەرامبەر ئیسلام" [یانی خۆیان زۆر سینەسافن بەرامبەر خەڵك و بیروڕا و مەبدەئی خەڵك!!] و کۆمەڵێك قسە و بڕوبیانوی لەم بابەتە کە مەگەر تەنها بەسەر مورید و مەنسوبی خۆیاندا تێپەڕ ببن.

پێش هەمو شتێك ئەم هەڵوێستە درەنگوەختەی ئیسلامیەکان، تەنها هەوڵێك بو بۆ گەیشتنەوە بە ناڕەزایی و سکاڵا و هەرانانەوەی مەلاکانی (یەکێتیی زانایان)، ئەگەرنا ئەگەر داکۆکی لە قورئان ئەو شتە لاوازە بێت کە لەو بلاوکراوەیەدا بینیمان ئەوا هەر لە ئێستەوە من پێیان دەڵێم دەستی لێ بشۆن و ئەو داکۆکیەش مەکەن، چونکە لێشاوی توێژینەوەی ڕەخنەیی لەسەر ئیسلام و قورئان زۆر زۆر لەوە بەهێزترە.. توێژینەوەی ڕەخنەیی زانستیی ڕاستەقینە لەسەر ئیسلام و قورئان بە زمانە ئورۆپاییەکان ولە جیهانی کتێبی ئورۆپایی (جیهانی) ـەوە دەست پێ دەکات، ئینجا عەرەبی و کتێبخانەی عەرەبی، ئینجا لەم هەرێمە چەپەك و دواکەوتوەی خۆماندا بە هەر حاڵێك بێت و بە هەر ناڕەحەتییەك بێت هەندێك توێژینەوەی ڕەخنەیی لەسەر ئیسلام و قورئان بەرهەم دەهێنین.. بەڵکو پێم وایە ئەو داکۆکیەی ئەو کۆمەڵە نوسەر و ڕۆشنبیرە ئیسلامیەی کە (مەودا) ژمارەیەکی بۆ تەرخان کردن لەوە لاوازترە ببێتە وەڵامی توێژینەوەکانی تەنها توێژەرێکی کوردی وەکو من. تا ئێستاش نەیانتوانیوە وەڵامێکی زانستی بۆ تەنها توێژینەوەیەکی کۆنی من ئامادە بکەن کە بریتیە لە (ڕەخنە لە لێکدانەوەی زانستی بۆ قورئان) کە نزیکەی (١٠) ساڵ لەمەوپێش نوسیومە، چ جای توێژینەوە تازەکانم لەسەر قورئان.

***

لە سەرەتاوە زیاتر لەسەر دو بڕوبیانوی ئەوان هەڵوێستە دەکەم کە هەمیشە دوبارەی دەکەنەوە، ئەوانەش: (١) دەڵێن ئەو نوسینە ڕەخنەییانە هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی هەرێم و خەڵکی دەوروبەرمان لێ دەوروژێنن و سومعەی ئاییینی هەرێمی کوردستان خراپ دەکەن! (٢) دەڵێن ئەو نوسینە ڕەخنەییانە دەبنە هۆی وروژانی جەماوەر و ڕاپەڕینیان.. ئەم دو بڕوبیانوەش تەنها دو پەیامی سیاسین و دەیاندەن بە گوێی دەسەڵاتدا بۆ ئەوەی ـ بە خەیاڵی ئەوان ـ ئەو نوسینە ڕەخنەییانە قەدەغە بکات.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من زیاتر لەسەریان دەڕۆم:

ئایا ئەم نوسینانەی ئێمە هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی هەرێم؟!

بیانوی گەورەیان هەمان ئەو قسەیە پێکەنیناویەیە کە کاتی خۆی لە عەریزەی مەلاکاندا بۆ قەدەغەکردنی توێژینەوە ڕەخنەییەکان (کە بە ناوی "نامەی نارەزایی بەو سوکایەتیانەی کە لە کوردستان بە دینەکەمان دەکرێت " ۲۰۰۸۰۵ بلاویان کردەوە) هەبو: کە دەڵێن پێویستە ڕێگری لەم نوسینە ڕەخنەییانە بکرێت بۆ ئەوەی گەلانی موسوڵمان دژمان نەوەستنەوە!

ئێمەی کورد زۆرمان چەشت بە دەستی گەلانی موسوڵمان: ئەوە لە فتوحات و دەسەلاتە ئیسلامیەکان. ئەوە لە تورکە عوسمانیەکان. ئەوە لە فارسەکان. ئەوە لە ڕژێمە عەرەبیە یەك لەدوای یەکەکان. تا ئێستەش ئەو دەنگە عەرەبی و ئیسلامیانەی دان بە مافی کورددا دەنێن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا زۆر دەگمەنن، لەناو ڕوناکبیرە عەرەبە ناودارەکانیشدا ئێستە من تەنها ناوی (بەسسام دەرویش) م لە یادە کە دان بنێت بە مافی ڕەوای گەلی کورددا و کەسی تر شك نابەم. پرسیارت لە (نەصر ئەبو زەید) و (موحەممەد عابید جابیری) یش بکردایە دەربارەی مافی سەربەخۆیی کورد (جیابونەوەی کوردستان لە نیشتمانی عەرەبی)؛ جگە لە منگەمنگێکی مەئلوف هیچ جوابێکی تریان نەدەدایەوە. تا ئێستەش عەرەبە موسوڵمانەکان پێناسەی (بەکرێگیراوی ئیسرائیل و ئەمێریکا) بۆ ئێمە دادەنێن. مەگەر تەنها کەتیبەکانی (ئەنصاروسسونە) ی کوردی توانیبێتیان کونیەی خۆیان لای عەرەب لەو لایەنەوە پاك بکەنەوە. بچۆ بۆ بەغداد و بڵێ "من کوردم"، یەکسەر دەڵێن "لە شیمال جاسوسە ئیسرائیلیەکان چی دەکەن و چۆن ڕێگەیان دەدەن؟"!! من خۆم لە بەغداد چەند جار پرسیاری ئەوەیان لێ کردوم!

ئێمە چ سودێکمان لە ئیسلام بینیوە جگە لە ژێردەستەیی و پاشکۆیەتیی کولتوری و سیاسی؟! شتێکیشمان لە ئیسلام بۆ خۆمان نەپچڕیوە، نەمانتوانیوە یان ڕێگە نەدراوین ڕێبازێکیش لە ئیسلامدا بۆ خۆمان دروست کەین، بۆیە لە ئیسلامەتییشدا هەر موحتاج و سواڵکەری بەر دەرگای عەرەب و عەجەمین.

چ گەلێکی موسوڵمان، چ کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، تا ئێستا هاوکاریی کردوین و دۆستایەتیی کردوین؟ نەخێر وا مەڵێ! بڵێ: چ گەلێکی موسوڵمان تا ئێستا پێمان فێر نەبوە و سەد جار هێرشی نەکردوینەتە سەر و مافی نەخواردوین و داگیری نەکردوین؟! گەلانی دەوروبەرمان: عەرەب و عەجەم و تورك، هەمویان هەر بە ناوی ئیسلامەتی و خیلافەت و ئیمامەتەوە بەدرێژایی مێژویان داگیریان کردوین و مافیان پێشێل کردوین و نکولییان لە مێژومان کردوە و بە نەوەی جنۆکە و جرۆجانەوەر پێناسەیان بۆ کردوین.. تەنها کاتێك لێمان ڕازی بون کە بە دڵ و بە گیان خزمەتی کولتور و زمان و سیاسەتی ئەوانمان کردبێت.

بەڵام ئێمە تەنها لەگەڵ دراوسێ نزیکەکانماندا، ئەوانەی کە هاوبەشی نیشتمانن و هاوبەشی ئیسلامەتیمان نین: ئاشوریەکان و ئەرمەنیەکان و ئێزدیەکان.. تەنها لەگەڵ ئەوانەدا هاتوینەتە دەست و دێین و، تەنها بەوانە وێراوین و

دەوێرین و، تەنها لەوانە هیچ شتێك قبوڵ ناکەین. هەر ئەوانەش شایەنی دۆستایەتیی ئێمە بون و هەر ئەوانەش چارەنوسیان بەندە بە چارەنوسمانەوە.

ئینجا من ناڵێم خۆیشمان بخەینە باوەشی خۆرئاواییەکانەوە، بەشێکی زۆری مەینەتیەکانی مێژوی نوێمان لە ئەستۆی خۆرئاواییەکانە. بەڵام هەر چۆنێك بێت دەبێت دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین. بەگشتی دۆستمان کەمە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم موسوڵمانانی دەوروبەرمان (عەرەب و عەجەم و تورك) دۆستمان نین، بۆیە ئەوە ناهێنن کە ئیسلامیەکان و مەلاکان نوسەری ئازادی کورد لەبەر خاتری ڕەزامەندیی ئەوان سەرکوت بکەن.

(عەرەب و عەجەم و تورك) ئەگەر بیانەوێت ئێمە داگیر بکەن و هێرشمان بکەنە سەر؛ ئیسلامەتی دادمان نادات، ئەوان لە بنەڕەتەوە دان نانێن بە بون و مێژو و خاك و مافی نەتەوەییماندا، ئێمە لای عەرەب (خەڵکی شیمال) ین و بەشێکین لە (بەووابەی شەرقی) و لای عەجەم خەڵکی ویلاتی ئێرانیی (کوردستان) ین و زمانەکەمان لەهجەیەکی شێواوی فارسیە و لای تورك (تورکی شاخ) ین. لە زۆبەی حاڵەتەکانیشدا ئەوان باوەڕیان بە موسوڵمانێتی و ئایینداریێتیی ئێمە نیە و متمانەی پێ ناکەن، چونکە کوردین. ئەگەر موسوڵمانێتیی ئێمە لەبەرامبەر (ئەنفال) و (کیمیاباران) دا هیچ سودێکی نەبوبێت و دادی نەدابێتین؛ ئیتر بۆچیمانە؟! دوای ئەنفال و کیمیاباران هەرچی دەبێت با ببێت، لەوە خراپترمان بەسەر نایەت. ئەوەی بەسەرمان دێت پەیوەندیی بە ڕادەی ئیسلامەتیمانەوە نیە بەڵکو پەیوەندیی بە کێبەرکێی سیاسی و ئابوریی نێوان گەلانی ناوچەوە هەیە. کە ئێستە بەتایبەتی پاڵنەری نەتەوەیی و ئابوری سەد جار لە پاڵنەری ئایینی بەهێزترە: عەرەب ئێستە ناڵێن کوردیش موسوڵمانە با کەرکوك بۆ خۆیان بێت و با سەربەخۆییان بەرقەرار بێت! لە ڕاستیدا هیچ کاتێك وایان نەوتوە، لە سەردەمی سەلاحوددینیشدا کە بە سوپای کوردان قودس ڕزگار دەکرا و هێرشی (خاچپەرستان) بۆسەر نیشتمانی عەرەبی بەرپەرچ دەدرا؛ عەرەب نەیانوتوە با لەبەر خاتری ئەوە کوردستان ئیمارەتێکی سەربەخۆ بێت، بەڵکو لە کۆتاییدا وتیان سەلاحوددین تەکریتیە و عێراقیە!

ڕاپەڕینی جەماوەر!

بیانویەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن با جەماوەر ڕانەپەڕێت! کە دیارە مەبەستیان لە جەماوەر هەر خۆیانە! ئەمە هەڕەشەیەکی ژێراوژێرە بە ڕاپەڕینی خۆیان یان ڕاپەڕینی جەماوەر بە فیتی خۆیان! ئەگەر ئێوە و مەلاکان نەیکەن بە هەڵلا و، جەماوەر خراپ لە مەسەلەکان حاڵی نەکەن و، سۆزی خەڵك بە زۆر و بە وتاری ئاگرین نەبزوێنن و، نوسینی زانستی و ڕەخنەیی بە (سوکایەتی بە ئایین و خوا و پێغەمبەر) پێناسە نەکەن بۆیان؛ جەماوەر ئیشی بەم جۆرە مەسەلانە چیە؟! خۆشتان باش دەزانن ئەوەی هەمو جەماوەر کۆدەکاتەوە و دەیانکات بە یەك دەنگ تەنها هۆکار و پێداویستیەکانی ژیان و کێشەکانی گوزەران و ژیانی ڕۆژانەیە نەك بیروباوەڕ. ئینجا ئێوە باس لە کام جەماوەر دەکەن؟! ئێوە دڵنیان کە جەماوەرێکی ئەوتۆتان لەگەڵ مابێت؟ دوای ئەو هەمو ئاژاوە و کوشتوبڕ و تیرۆر و تاوانکاریە چاوەڕێن جەماوەر بەگشتی بەرگری لە ڕەوتی ئیسلامی بکەن و داوای لەناوبردنی ڕۆشنبیر و نوسەری

ئازاد بکەن؟ من بڕوا ناکەم، مەگەر ئێوە چەواشەیان بکەن و خراپ حاڵییان بکەن! ئەوەش زۆر ناخایەنێت و ڕاستی هەر دەردەکەوێت.

***

ئێمە و ئەوان و بڕیاری پێشوەخت

ئیسلامیەکان و نوسەرەکانی (مەودا)، ڕەخنەی ئەوە لە ئێمە دەگرن کە ئێمە بە بڕیاری پێشوەختەوە لە ئیسلام و قورئان دەکۆڵینەوە! من نازانم ئەمانە چۆن ڕویان دێت لەم جۆرە قسانە بکەن!! خۆیان نەك بە بەڵگە بەڵکو بە کوشتنیش واز لە باوەڕی خۆیان ناهێنن، هەر کاتێك ئەوان باسی ئیسلام بکەن نەك بە بڕیاری پێشوەختەوە باسی دەکەن بەڵکو چاوەڕێی (ئەجر) و (پاداشت) ی خواییشن! بەڵام هێشتا دێن ئێمە بە (بڕیاری پێشوەخت) تۆمەتبار دەکەن!

سەبارەت بە خۆم، من ئامادەم هەمو باوەڕ و بیروڕاکانی خۆم بگۆڕم، بە مەرجی بونی بەڵگەی زانستی. هیچ شتێك لای من پیرۆز نیە، هیچ بیروڕایەك لای من ئەوەندە گرنگ نیە کە بەڵگە هەبێت لەدژی و وازی لێ نەهێنم.. پێم وایە ئەوەشم لە ژیانی زانستیی خۆمدا سەلماندوە. ڕۆژانە هەڵەکانی خۆم ڕاست دەکەمەوە. هیچ نوسینێکم نیە کە دوای ماوەیەك خۆم تێبینیم لەسەری نەبێت و دەستکاریی نەکەم. من دەزانم بێلایەنی و زانستیبون و یەکلابونەوەی زانستی چۆنە نەك ڕۆشنبیرێکی ئایینی کە خۆی بە سەربازی گوێڕایەڵی ئایینەکەی و حیزبە ئایینیەکەی دەزانێت و ناتوانێت لە فەرمانی لا بدات.

ئەوە ئیسلامیەکانن کە لە هیچ بارێکدا ئامادە نین واز لە (بڕیاری پێشوەخت) ی خۆیان بهێنن.

بەگشتی، ئەو جۆرە قسانە، باسی (دورکەوتنەوە لە بڕیاری پێشوەخت) و (بێلایەنی) و...هتد، لە کەسی باوەڕدار نایەت.. نازانم چۆن ئەوانە ڕویان دێت باسی ئەو شتانە بکەن.. پێکەنیناویە!

من و بڵاوکراوە عەلمانیەکان

ئیسلامیەکان زۆر جار پێم دەڵێن بۆچی نوسینەکانی خۆت دەخەیتە خزمەتی عەلمانیەکان.. نوسەرەکانی مەودایش باسی ئەوە دەکەن کە ئەو نوسینە ڕەخنەییانە لە خزمەتی دەسەڵات و لایەنێکی دیاریکراودان.. منیش دەڵێم: ئەگەر ـ بۆ نمونە ـ ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) یان (یەکگرتو) نوسینی من بلاو بکاتەوە، ئەوا لەگەڵ هەر بابەتێکدا بڕێك پارەیش دەنێرم! ئەگەر (چاودێر) لەبەرامبەر هەر لاپەڕەیەك نوسینی مندا بڕی (١٠٠) هەزار دیناری بریمەر خەلاتم بداتێ؛ ئەوا من بۆ ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) یان (یەکگرتو) بۆ هەر نوسینێکم بڕی (١٠٠) دۆلاریان بۆ دەنێرم ئەگەر نوسینەکە بلاو بکەنەوە.. ئەمەش لەبەر ئەوە ناڵێم کە دەزانم هیچ بڵاوکراوەیەکی ئیسلامی نوسینی من بڵاو ناکاتەوە، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە وا دەڵێم کە ئاواتمە بگەمە ناو عەقڵی ئیسلامی، ئاواتمە نوسین و بیروڕاکانی خۆم بگەیەنمە خەڵکی موسوڵمان، ئاواتمە لەگەڵ بیری ئیسلامیدا مشتومڕ بکەم، ئاواتمە لەگەڵ بیری ئیسلامیدا کارلێك

و ئاڵوویرم هەبێت.. خۆ من بۆ عەلمانیە حیزبیەکان نانوسم.. من بۆ ئەو خوێنەرە عەودالانە دەنوسم کە ئەو بابەتە ئیسلامی و قورئانیانە بۆیان گرنگن، نە بۆ عەلمانییەك دەنوسم کە تەنها بەرژوەندیی حیزبیی خۆی دەوێت، نە بۆ ئیسلامییەك دەنوسم کە تەمای دەسەلاتی هەیە و بەرژوەندیی حیزبیی خۆی دەوێت، بەڵکو بۆ مرۆڤی موسوڵمان دەنوسم کە ئەو بابەتانە گرنگن بۆی. بەڵکو ئەگەر بە دەستی خۆم بوایە لە مەککە توێژینەوەم دەکرد! حەزم دەکرد لە لانکەی سەرهەڵدانی ئیسلامدا توێژینەوە و (تنقیبات) ـم بکردایە. ناخۆشترین شتیش بۆ من ئەوەیە لە جەماوەری موسوڵمان دابڕێم.. خۆماندوکردنی من هەموی بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤی موسوڵمانە بەرامبەر کەلەپوری کولتوریی خۆی..

بەلام دڵنیام کە هیچ بلاوکراوەیەکی ئیسلامی هیچ نوسینێك بلاو ناکاتەوە کە بە مو لا بدات لە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیای ئەو گروپەی کە خاوەنی بلاوکراوەکەیە.. نەك نوسینی ڕەخنەیی من بلاو ناکەنەوە بەڵکو نوسینی ئەو کەسانەش بلاو ناکەنەوە کە پێشتر ئەندامی خۆیان بون و لەسەر ئەوەی گروپەکە باوەڕ دەکاتە قوربانی سیاسەت وازیان لە گروپ هێناوە.. کاتی خۆیشی کە من لە گۆڤاری (هەژان) دا هەندێك توێژینەوەی خۆمم لەسەر قورئان بلاو کردەوە زۆرێك لەو ڕۆشنبیرە ئیسلامیانە هەڵوێستیان گونجاو نەبو و هەندێکیان لەلای سەرنوسەری (هەژان) سکالایان دەکرد! لە کاتێکدا ئەو گۆڤارە سەر بە یەکگرتویش بو.

لەبەر ئەوە با جارێکی تر ئیسلامیەکان ئەو قسانە دوبارە نەکەنەوە و نەڵێن تۆ بۆچی لە (چاودێر) و دەزگا عەلمانیەکان دەنوسیت. من ئەگەر بۆم بکرێت حەزم دەکرد لەناو جەماوەری موسوڵماندا کار بکەم و بیروڕای خۆم بگەیەنم پێیان، بەلام بەکردەیی بۆم دەرکەوت مەحاڵە بتوانم لەناو چوارچێوە ئیسلامیەکەدا بیروڕای خۆم بگەیەنم.

دەزگای (چاودێر)

ئەم نوسەرە ئیسلامیانە دێن دەزگایەکی گەورەی فرەلایەنی وەکو دەزگای چاودێر بە دژایەتیی ئیسلام و سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕەکانی تۆمەتبار دەکەن، کە ئەمەش هاندانی جەماوەرێکی ئایینداره دژ بەو دەزگایە.. لە کاتێکدا ئەوەی توڕەیی ئەوانی وروژاندوە تەنها هەندێك نوسین و توێژینەوەیە.. بەڵکو لە جەوهەردا تەنها وێنەیەکە کە مەلاکانی یەکێتیی زانایان لە خۆیانەوە بە (کاریکاتێر) یان داناوە.. ئەگەرنا بۆچی ـ بۆ نمونە ـ (مەودا) پێش بلاوبونەوەی ئەو وێنەیە هیچ هەڵوێستێکی نەبو، بۆچی کاتێك من لە (چاودێر) دا باسی (تێکەڵکردن لە چیرۆکەکانی قورئاندا) م کرد و دواتریش لە (بۆچون) دا هەمان باس‌وخواس و زیاترم بلاو کردەوە بۆ هیچ هەڵوێستێکیان نەبو؟ بە مەرجێك ئەو فایلەی کاتی خۆی لە (چاودێر) دا کرایەوە لەسەر (چیرۆکەکانی قورئان) جگە لە من ئەم دو نوسەرە ئیسلامیەش بانگهێشت کرابون بۆی: (نەشئەت غەفور) و (فازڵ قەرەداغی).. کە یەکەمیان ئامادە نەبو هیچ بنوسێت و دوەمیشیان بەشداریی کرد بەلام بەبێ ئەوەی خۆی بدات لە کێشەکان و بەهای مێژویی چیرۆکەکانی قورئان.

دەمەوێت بڵێم ناوزڕاندنی دەزگای چاودێر بە سوکایەتیکردن و دژایەتیی ئیسلام ستەمێکی گەورەیە کە مەلاکان و ئیسلامیەکان دەیکەن.. نەك تەنها لە من و نوسەرەکانی تری پاشکۆی (ڕوانگە و ڕەخنە)، بەڵکو لەپێشەوە لەو هەمو ڕۆژنامەکارەی کە لەو دەزگایەدا کاریان تەنها کاری ڕۆنامەنوسی و بابەتە سیاسیەکان و هەواڵنێری و خزمەتی ڕەوتی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیە..

ئیسلامیەکان، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە نوسەرەی (مەودا)، مەبەستی خۆیان ڕون ناکەنەوە، دژ (خصم) ی ڕاستەقینەی خۆیان ڕون ناکەنەوە، لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە: دەیانەوێت بابەتەکە بپێچنە ناو هەندێك مەسەلەی سیاسیەوە، تا لێکدانەوەی سیاسیی بۆ بکەن و جەماوەرێکی نارەزا لە دەسەڵات و لایەنێکی سیاسی بهێننە ڕیزەکەی خۆیان و بتوانن لەو ڕێگەیەوە خەڵکانێك هان بدەن.. و بتوانن شەڕێکی تر بە (عەلمانیەت) بگێڕن کە بۆ ئیسلامیەکان دێوەزمەیەکە کە خەوی لێ تاراندون، چونکە پێیان دەڵێت ئێوە ناگەنە دەسەڵات، ئەگەریش بگەنە دەسەڵات ئەوە کاتێك دەبێت کە وەکو جەماعەتی (ئەردۆگان) خۆتان بکەنە تەیری مەعقول!

با شتێکتان پێ بڵێم کە خۆشتان دەیزانن: شەڕی ئێوە لەگەڵ من و ئەو نوسەرانەی تری پاشکۆی (ڕوانگە و ڕەخنە) دایە.. ئەگەریش من دەست بکەم بە دەرکردنی گۆڤارە سەربەخۆکەی خۆم؛ ئەوا ئەو کاتە ناچار دەبن لەبریی باسی (چاودێر) باسی گۆڤاری (دەینا) بکەن!

عەبدولڕەحمان بەدەوی و قورئان

یەکێك لە نوسەرەکانی (مەودا)، کە ناوی (د. کەریم ئەحمەد) ە، ئاماژەیەکی خێرای بۆ من کردوە کە دەڵێت "دەبوایە دەرسی لە (عەبدوڕڕەحمان بەدەوی) وەرگرتایە کە ژیانی لە فەلسەفەدا بەسەر برد و لە وجودیەتەوە گەڕایەوە و بۆی دەرکەوت ئایین ڕاستە و قورئان کتێبی خوایە، نەك بچێت لەو زانیاریە سەرەتاییەوە ڕەخنە لەو دەرئەنجامانە بگرێت کە ئەو" واتە بەدەوی "پێی گەیشتوە" (مەودا، ژ. ٥، لا. ٦). ئەمە دەقێکە کە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر (ئەسڵی مەوزوع) و بێ پێچوپەنا باس لە شتەکان دەکات.. جارێ پێش هەمو شتێك من بەزەییم بەو کتێبەی بەدەویدا دێتەوە کە دەزگای تیشك وەرگێڕانێکی کوردییان بۆ کردوە، کە خراپترین وەرگێڕانی بۆ کراوە، دو وەرگێڕانی عەرەبییشی بۆ کراوە کە ئەوانیش ستەمیان لە کتێبەکەی بەدەوی کردوە. دوای ئەوەش بەدەوی لە توێژینەوە قورئانیەکاندا هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت، بەدەوی لاورگە و زیادەیە بەسەر بواری توێژینەوەی قورئانەوە.. ئەگەر بەدەوی لە کۆتایی ژیانیدا بای داوەتەوە سەر بواری قسەکردن لە قورئان، ئەوا چەندین توێژەری گەورەمان هەیە کە تەمەن و تواناى زۆریان لە پێناوی توێژینەوەی قورئاندا سەرف کردوە، ئەگەر بەدەوی تاکە کتێبێکی لەسەر قورئان نوسیوە؛ ئەوا من هەر لە منداڵیمەوە تا ئێستا و تا کۆتایی تەمەنیشم خەریکی تێڕامانم لە قورئان. کێشەکە ئەوەیە: نوسەرێك، کە هەمو تەمەنی بە قورئانەوە خەریك نەبوە، با فەیلەسوفێك یان نوسەرێکی زەبەلاحیش بێت، لە کۆتایی تەمەنیدا بگەڕێتەوە

و بەپەلەپڕوزێ شتێك لەسەر قورئان بنوسێت.. بێ گومان دەکەوێتە هەڵەی کوشندەی وەهاوە کە من لێرە لە سلێمانی بە کەمترین تێڕامان هەستیان پێ دەکەم..!

جارێکی تریش ئەوە دوپات دەکەمەوە کە هیچ توێژەرێکی زانستیی پسپۆڕ لە توێژینەوە قورئانیەکاندا ئاوڕ لەو کتێبەی بەدەوی ناداتەوە. لە باشترین باریشدا ئەو کتێبەی بەدەوی نوسینی کۆمەڵێك پەراوێزە لەسەر هەندێك بیروڕای خۆرهەڵاتناسەکان لەسەر قورئان.

ئەگەر باسی خۆیشم بکەم، ئەوەی من دەیزانم لەسەر قورئان و ئەو کۆششەی من کردومە بۆ تێگەشتن لە دیاردەی قورئان، ستەمێکی گەورەیە بەو تەنها کتێبەی بەدەوی بەراورد بکرێت، چ جای ئەوەی داوام لێ بکرێت لەبەر خاتریی ئەوەی بەدەوی گەڕاوەتەوە بۆ داکۆکی لە قورئان منیش لاسایی ئەو بکەمەوە یان دەرسی لێ وەربگرم و واز لە ڕەخنە بهێنم. نیازیشم وایە بە کتێبێکی عەرەبی پێداچونەوە بۆ ئەو کتێبەی بەدەوی بکەم، تا بزانرێت هەڵە و بێئاگاییەکانی بەدەوی لەو کتێبەدا چی و چین (هەندێك لەمانەم بە سێ بەش لە چاودێردا باس کرد).. ئەو کاتە بزانم داکۆکیکارە عەرەبەکان دەڵێن چی..

سەبارەت بە (داکۆکی لە قورئان)، منیش ڕەنگە لە هەندێك بابەتدا داکۆکی لە قورئان بکەم (بۆ نمونە: من بەپێچەوانەی زۆرێکەوە پێم وا نیە قورئان بیرۆکەی لە شیعری عەرەبیی پێش ئیسلام وەرگرتبێت، بەڵکو پێم وایە ئەو شیعرە عەرەبیەی کە دەدرێتە پاڵ قۆناغی پێش ئیسلام و بیرۆکە و دەستەواژەی قورئانیی تێدایە؛ دوای قورئان و بە لاساییکردنەوەی قورئان دروست کراوە.. هەروەها هەندێك ڕەخنەی زمانەوانی لە قورئان گیراون، کە من گەلێکیان ڕەت دەکەمەوە، گەلێکیشیان دەگەڕێنمەوە بۆ هەڵەی نوسینەوە و کەموکوڕیی لە دەرکردنی نوسخەی ستانداردی قورئاندا). هەرچەند مەبەستی من نە داکۆکیە نە هێرش، بەلاّم من لە هەر بابەتێکی قورئانیدا بیروڕای خۆم هەیە، کە ڕەنگە زۆر جار بە ڕەخنە دابنرێت، هەندێك جاریش ڕەنگە بە داکۆکی دابنرێت. منیش مەرج نیە هەمو بیروڕایەکی خۆرهەڵاتناسی لەسەر قورئان پەسەند بکەم.. خۆرهەڵاتناسەکانیش ناکۆکییان تێدایە، مەرج نیە هەر یەکێکیان بیروڕای ئەوانی تر پەسەند بکات.. بەلاّم ئیسلامیەکان تەنها داکۆکییان دەوێت، ئەگەر کەسێك تەنها یەك ڕەخنەش لە قورئان بگرێت ئەوان قبوڵی ناکەن..

سوکایەتی بە بیروڕای زۆرینە!

دەڵێن (٩٨٪) ی کورد موسوڵمانە، بۆیە نابێت ڕەخنە بگیرێت لە بیروباوەڕ و پیرۆزیەکانی ئەو خەڵکە و ئەو ڕەخنەگرتنە سوکایەتیە!

ئەم قسەیەش وەکو ئەوە وایە بڵێیت لە (٩٩٪) ی خەڵك لە سەردەمی گالیلیۆدا باوەڕیان وابو کە زەوی جێگیرە و ناسوڕێتەوە و دەبوایە گالیلیۆ نەیوتایە زەوی دەسوڕێتەوە چونکە ئەمە سوکایەتی بو بە بیروباوەڕی ئەو خەڵکە!

زۆرینەی کورد موسوڵمانە؛ ئەمە نابێتە پاساوی ڕێگەگرتن لە توێژینەوەی زانستی لە ئیسلام و قورئان. ئەو زۆرینە موسوڵمانەش یەکێکیان منم!

ئێمە چیمان کردوە بۆ قورئان و ئەوان چییان کردوە بۆ قورئان؟

لێکۆڵینەوە لە قورئان ئێستە لە دەستی موسوڵمان دەرچوە. ئێستە موسوڵمان تەنها بەرگری دەکات و کەلەپوری خۆی لە بواری لێکۆڵینەوەی قورئاندا دوبارە دەکاتەوە.. لێکۆڵینەوەی قورئان ئێستە لە ئەکادێمیای خۆرئاواییدا مانای خۆی وەرگرتوە و بەرەو ئەنجامەکانی خۆی دەچێت.. ئەمانە چەند ناوێکی دیاری ئەم بوارەن:

* دەستنوسە قورئانیەکانی صەنعاء. لە ساڵی (١٩٧٩) ەوە ئەم دەستنوسانە تیشکیان خراوەتە سەر و ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو دو خۆرهەڵاتناس (گێرد ر. پوین و گراف ڤۆن بۆثمەر) خەریکی نۆژەنکردنەوە و وێنەگرتن و ئەرشیڤکردنیان بون، و نمونەی کۆنترین دەستنوسی قورئانیان تێدایە، نمونەی وایان تێدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچی. من وێنەی گەلێك لەم نمونانەم لەبەر دەستدان. ئەو دەقە قورئانیانەی لەم دەستنوسە کۆنانەدا دەبینرێتەوە بەگشتی هەر هەمان دەقی قورئانیی ئێستان بەڵام هەندێك جیاوازیی وردیشیان هەیە کە سودیان هەیە بۆ ساخکردنەوەی دەقی قورئان. من خۆم سودم لـێ بینیون.

* کۆرپوس کۆرانیکوم، پرۆژەیەکی ئاڵەمانیی زەبەلاحە بۆ ئەرشیڤکردن و لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی قورئان و هەرچی پەیوەستە بە قورئانەوە. ئەم پرۆژەیە ئامانجی ئەوەیە قورئان لە چوارچێوەی مێژویی و کولتوریی خۆیدا دابنێتەوە، ئیتر لێکۆڵینەوەی قورئان دەکات بە زانستێك وەکو بۆماوەناسی یان گەردیلەناسی. ئەم پرۆژەیە بەتەواوی قورئان ساخ دەکاتەوە و هیچ ناڕۆشنی و گومانێك لە باس‌وخواسی قورئاندا ناهێڵێتەوە. سەرۆکی پرۆژەکە پرۆفیسۆر (ئەنجێلیکا نویڤیرث) ـە کە خانمێکی عەللامەی تەمەن (٦٥) ساڵە، هاوکارانیشی هەمویان پسپۆڕی زمانە کۆنەکان و مێژوی ئایینەکان و توێژینەوە یەهودی ـ مەسیحی ـ ئیسلامیەکانن و هەرچی دەستنوسی قورئان هەیە لە جیهاندا لەبەر دەستیاندایە. پرۆژەکە ساڵی (٢٠٠٧) دامەزراوە و ساڵی (٢٠٢٥) بە پایان دەگات، واتە (١٨) ساڵ دەخایەنێت. من ـ تەقریبەن ـ ڕۆژانە موتابەعەی هەواڵی ئەم پرۆژەیە دەکەم و ئاگاییم لە کارەکانیان هەیە.

* کتێبەکەی (ئەنجێلیکا نویڤیرث) و دو هاوکارەکەی (نیکۆلای سینای) و (میشایل مارکس): (*قورئان لە کۆنتێکستدا*) (٢٠٠٩). ئەم کتێبە کە (٧٥٠) لاپەڕەیە و بە ئینگلیزی نوسراوە، بەرهەمێکی پرۆژەی (کۆرپوس کۆرانیکوم) و دەسپێکێکە بۆ کارەکانیان و کۆمەڵێك توێژینەوەی بەنرخە لەسەر پێکهاتن و مێژوی دەقی قورئان.

* *ئێنسایکلۆپیدیای قورئان*. ئێنسایکلۆپیدیایەکی قورئانیی گشتگیرە بە ئینگلیزی، (٦) بەرگە و ساڵانی (٢٠٠١ ـ ٢٠٠٦) دەرچوە (بەرگی یەکەم ٢٠٠١، بەرگی پێنجەم و شەشەم ٢٠٠٦)، و (ئەنجێلیکا نویڤیرث) لە

نوسەرە دیارەکانیەتی. لە هەمو ماددەیەکدا ڕەگ‌وڕیشەی یەهودی و مەسیحی و عەرەبیی بیرۆکە قورئانیەکە ڕون دەکاتەوە.

* جاکلین شابی، کە بە قوتابیی (موحەممەد ئەرکۆن) دێتە هەژمار و ئەرکۆن زۆر دوپاتی گرنگیی توێژینەوەکانی دەکاتەوە و پێی وایە توانیویەتی بەتەواوی و بە سەرکەوتویی قورئان لە چوارچێوە و کۆنتێکستی مێژویی و کولتوریی خۆیدا بخوێنێتەوە. ئەم خانمە زانایە (تەمەن ٦٨ ساڵ)، واتە (شابی)، سێ کتێبی پێشەنگی هەیە لە بوارەکەدا بە فەرەنسی: دو کتێبی یەکەم سەبارەت بە مێژوی یەکەمی ئیسلامن: یەکەمیان بە ناوی (*خواوەندی خێڵەکان، ئیسلامی موحەممەد*) (١٩٩٧)، و دوەمیان بە ناوی (*لەدایکبونی ئیسلام*) (٢٠٠٤)، کتێبی سێیەمیش سەبارەت بە پێکهاتنی دەقی قورئانە، بە ناوی (*قورئانی تەفکیککراو، کەسێتیە تەوراتیەکان بە عەرەبی*) (٢٠٠٨). ئەم مێژوەی کە شابیی دەیگێڕێتەوە بۆ پێکهاتنی ئیسلام و قورئان تەواو جیاوازە لە باوەڕی ئیسلامی و هیستۆریۆگرافیای ئیسلامی.

* کریستۆڤ لوکسێنبێرگ، خاوەنی کتێبی (*خوێندنەوەی ئارامی ـ سوریانی بۆ قورئان ـ بەشداریەك لە شیکاری زمانی قورئاندا*) کە بە ئاڵەمانی نوسراوە (٢٠٠٠) و وەرگێڕانی ئینگلیزیی هەیە (٢٠٠٧) و وەرگێڕانی عەرەبییشی بەڕێوەیە. نوسەر لەم پەڕاوە نوێیەدا کە ناوەندە خۆرهەڵاتناسیەکانی هەژاندوە بە پێی میتۆدێکی تایبەتی لە زمانی قورئان دەکۆڵێتەوە، بەو پێیە کە زمانی قورئان ئەو زمانە عەرەبیە کلاسیکیە نەبوە کە لە نوسراوە عەرەبیەکاندا هەیە بەڵکو تێکەڵەیەك بوە لە زمانی ئارامی ـ سوریانی و زمانی عەرەبی، بەڵام دواتر لە خوێندنەوەیەکی هەڵە و یەك لایەنەدا کراوە بە زمانێکی عەرەبیی پوخت، لەم خوێندنەوەیەشدا چەندین وشە و دەستەواژە بە هەڵە خوێنراونەتەوە و لێك دراونەتەوە و بونەتە مایەی کێشە و گرفتی ڕاڤەی قورئان. هەروەها باسی هەندێك پارچەی قورئان دەکات کە پێی وایە داڕشتنەوەی هەندێك پارچەی مەسیحین بە زمانی عەرەبی.

* گونتەر لولینگ، خاوەنی کتێبی (*تەحەددیەکی ئیسلام بۆ ڕیفۆرمکردن*) (چاپی پەرەپێدراوی ئینگلیزی ٢٠٠٣). ئەم خۆرهەڵاتناسە ئاڵەمانیە گەورەیە لەم توێژینەوەیەدا کە تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوەی قورئان و (٥٨٠ لاپەڕە) یە و بە ئینگلیزی نوسراوە، دەیسەلمێنێت کە چەند پارچەیەك لە قورئان داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی عەرەبیانەی کۆمەڵێك دەق و سرود و نزای مەسیحی بون. ئەمەش هەڵدانەوەی نهێنییەکی گەورەی قورئانە کە دەتوانێت ڕێچکەی باس‌وخواسی قورئان بگۆڕێت.

* گێرد ر. پوین و کارل ـ هەینز ئۆهلیگ: (*ڕەگ‌وڕیشە شاردراوەکانی ئیسلام: توێژینەوەی نوێ لە مێژوی زوی*). کە بە ئاڵەمانی بەرهەم هێنراوە (٢٠٠٥) و ئێستا وەرگێڕانی ئینگلیزیی هەیە (٢٠٠٨). ئەم دو توێژەرە گەورەیە لەم توێژینەوە شۆڕشگێڕەدا بە شێوەیەکی جیاواز چیرۆکی پەیدابونی ئیسلام (و قورئان) دەگێڕنەوە و پشت دەبەستن بە بەڵگەی ئارکیۆلۆجیایی و بەرجەستە نەك گێڕانەوە ئیسلامیەکان خۆیان، پێیان وایە دەستەواژەی (محمد) لە بنەڕەتدا تەنها سیفەتی (مەسیح) بوە، پاشان ئەم سیفەتە (محمد) کراوەتە کەسێتییەکی سەربەخۆ و کراوە بە

کەسێتییەکی مێژویی سەربەخۆ، ئەمەش لەسەر دەستی ئەو باڵە مەسیحیەی کە لە یەکتاپەرستیەوە نزیکە و وردە وردە ئیسلامی لێ پێك هاتوە. واتە (ئیسلام) و (موحەممەد) یش تەنها نوسخەیەکی خۆماڵی بون لە (مەسیحیەت) و (مەسیح). بەپێی لێکۆڵینەوەکەش پێکهاتنی قورئان (٢٠٠) ساڵی خایاندوە.

* نۆڵدیکێ ـ شڤالی ـ بێرگشترەیسەر ـ پرێتزل: *مێژوی قورئان*. کە بە ئاڵەمانی نوسراوە (١٨٦٠ ـ ١٩٣٨) و وەرگێڕانی تورکی (١٩٧٠) و عەرەبی (٢٠٠٤) یشی هەیە. کە ئەمە توێژینەوەیەکی گشتگیرە لەسەر مێژوی (پێکهاتن و نوسینەوە و کۆکردنەوە و دەرکردنی موصحەفی ستاندارد) ی قورئان و شێوازی نوسینەوەی قورئان و موصحەف و خوێندنەوە جیاوازەکانی قورئان. ئەم شاکارە گەورەیە (٣) بەرگە و نەوەیەك لە خۆرهەلاتناسانی ئاڵەمانی کاریان لەسەر کردوە (تیۆدۆر نۆڵدیکێ بنەڕەتەکەی نوسیوە ١٨٦٠، فریدریك شڤالی نوێی کردوەتەوە و بەرگی یەکەمی دەرکردوە ١٩٠٩، بەرگی دوەمیش کە هەر شڤالی بەرهەمی هێنابو، دوای مردنی ئەو هێنریخ زیمێرن و ئۆگەست فیشەر ئامادەیان کرد بۆ چاپ و بلاویان کردەوە ١٩١٩، ئینجا گۆتهێلف بێرگشترەیسەر بەرگی سێیەمی بەرهەم هێناوە، بەلام ئۆتۆ پرێتزل ئامادەی کرد بۆ چاپ هەتا چاپی کۆتایی بلاو کردەوە ١٩٣٨). ئەم کتێبە ناوازەیە بەردی بناغەی هەمو توێژینەوە قورئانیەکانە لە ئورۆپا و (بەردی گۆشە) ی پرۆژەی (کۆرپوس کۆرانیکوم) یشە.

ئەمانە تەنها چەند ناوێکی دیاری پرۆژە زانستیە نوێیەکانن بۆ توێژینەوە و ساخکردنەوەی قورئان و مێژوی یەکەمی ئیسلام.

ئەی ئیسلامیەکانی کوردستان چییان کردوە بۆ لێکۆڵینەوەی قورئان؟ یەکێك لە کارەکانیان بریتیە لە (تەفسیری ئاسان) کە تا ئێستاش پڕە لە هەڵەی تەفسیری و زمانی لە لێکدانەوەی دەقەکەدا. لەگەڵ هەندێك باس‌وخواسی (ئیعجازی زانستی) و (ئیعجازی ژمارەیی) کە هەموی نەقڵە لە (عبد الدائم الکحیل) و (زغلول النجار) و هاوشێوەکانیان و هەمویشی تەنها ساختەکردنی هۆشیاریی تاکی موسوڵمانن و زیاتریش دوری دەخەنەوە لە توێژینەوە ئیسلامیە ڕەسەنەکان و لە توێژینەوە زانستیە نوێیەکانیش.

موسوڵمانی هاوچەرخ، بەتایبەتی ئیسلامیەکانی کوردستان، لەبریی ئەوەی خەریك بن بە زانستە قورئانیە ڕەسەنەکانەوە وەك (القراءات) و (رسم المصحف) و (ضبط المصحف) و (فواصل الآي) و (عدد الآي) و (الوقف والابتداء) و (مشکلات القرآن) و (مبهمات القرآن) و (الناسخ والمنسوخ) و (أسباب النزول) و ... هتد؛ لەبریی ئەوە سەرقاڵی هەندێك باس‌وخواسی ترن کە تەنها پرۆپاگەندای بیروباوەڕن و چاوبەستنن لە خەڵك، وەکو ئەوەی پێیان دەوترێت (ئیعجازی زانستی) و (ئیعجازی ژمارەیی).. بە کورتی باس‌وخواسی موسوڵمانی هاوچەرخ لەسەر قورئان تەنها کۆمەڵێك باس‌وخواسی باوەڕدارانە (إیماني) ن و بەهای زانستییان نیە، لە ئەکادیمیایشدا تەنها لە زانکۆ ئیسلامیەکان و کۆلێج و بەشە ئیسلامیەکاندا جێیان دەبێتەوە کە جیاوازییەکی جەوهەرییان نیە لە حوجرەکانی جاران ئەوەندە نەبێت خوێندنی حوجرەکانی جاران قورستر و وردتر بوە. ئەگەرنا ئەو باس‌وخواسەی ئیسلامیەکان

لەسەر قورئان لە ئەکادێمیای ڕاستەقینەدا ڕوی مەجلیسی نیە. بەڵکو گەورەترین کاری ئیسلامیەکان لەسەر قورئان هەر ئەوەیە هەمو ڕەمەزانێك خەتمی دەکەن!

من چیم ئامادەیە؟

پەیوەندیی من بە قورئان و لێکۆڵینەوەی قورئانەوە پەیوەندییەکی سەرپێیی نیە.. من لە پۆلی دوەمی سەرەتاییمەوە خەریکی قورئانم و لەو کاتەوە لە جیهانی قورئاندا دەژیم و لەو کاتەوە لێی ڕادەمێنم.

ئەوەی من ئامادەم کردوە بۆ خوێنەری کورد و جیهان ئەمانەن:

ا. دەینا، کە گۆڤارێکی مانگانەی سەربەخۆیە و تایبەتە بە ئایینناسی و ئیسلامناسی و قورئاناسیەوە و نوێترین ئەنجامە زانستیەکانی ئەو بوارانە بە شێوازی ڕۆژنامەیی پوخت و ڕون بڵاو دەکاتەوە و خوێنەری کورد ئاشنا دەکات بە ئەنجامە نوێیەکان و ئاسۆ نوێیەکانی لێکۆڵینەوە لە ئایین و ئیسلام و قورئان. سەرقاڵیم بە هەندێك توێژینەوە و کاری ترەوە دەرچونی ژمارەی یەکەمی دوا خست.

ب. کۆمەڵێك کتێب کە خەریکی ئامادەکردنیانم بۆ چاپ:

١. ڕەخنە لە لێکدانەوەی زانستی بۆ قورئان، و ساختەیی ئیعجازی زانستیی قورئان.

٢. ڕەخنە لە ئیعجازیی ژمارەیی قورئان.

٣. دایکی باوەڕداران ڕۆڵەکانی دەخوات. ئەمە وەرگێڕان و ساخکردنەوەی کتێبەکەی (نبیل فیاض) ـە: (أم المؤمنين تأكل أولادها) کە مێژوی کەسێتیی و کارەکانی عائیشە دەنوسێتەوە بەپێی سەرچاوە ئیسلامیەکان.

٤. چیرۆکە قورئانیەکان، بەهای مێژوییان و ڕیشەی کولتورییان ـ سەرەتایەك بۆ (ڕەخنەسازیی مێژویی) ی قورئان، کە ئەم باسانە لە خۆ دەگرێت: (مێژویی) و (نیمچەمێژویی) و (نامێژویی) لە چیرۆکەکانی قورئاندا، (ئەفسانە) و (ئەفسانەی میللی) و (چیرۆکی میللی) لە چیرۆکە نامێژوییەکانی قورئاندا، تێکەڵکردن لە چیرۆکەکانی قورئاندا، چیرۆکی دروستکردنی (ئاسمان و زەوی)، چیرۆکی (ئادەم و حەووا)، چیرۆکی (قابیل و هابیل)، چیرۆکی (تۆفان)، چیرۆکەکانی تری قورئان.

٥. کاریگەریی سوریانی لەسەر شێوازی قورئان (وەرگێڕانی کوردی و عەرەبی و ساخکردنەوە). ئەمە وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی (ئەلفۆنس مینگانا) یە بە ناوی *Syriac Influence on the Style of the Qur'an*.

٦. چەمکی ناو، لەنێوان گوتاری قورئانی و بونیادی هزریی مرۆڤدا.

٧. دۆزینەوەیەکی گرنگ لە بواری مێژوی قورئاندا. ئەمە باسی دەستنوسە قورئانیەکانی یەمەنە.

٨. کورتەی مێژوی مزگێنی ـ ئایا لە تەوڕات و ئینجیلدا مژدە بە هاتنی موحەممەد دراوە؟

٩. ئایا پێغەمبەری ئیسلام خوێندەوار بوە؟

١٠. ئایا پێغەمبەری ئیسلام ناوی چی بوە؟

١١. ئایا قورئان تەورات و ئینجیل بە دەستکاریکراو دەزانێت؟

١٢. عەلمانیەت، گرفتی پێناسەکردن و جێکەوتی لە ئیسلامدا.

١٣. دەربارەی توندوتیژیی ئایینی و ئەگەرەکانی چاکسازیی ئایینی لە جیهانی ئیسلامدا.

١٤. بیناسازیی پەرستگا لەنێوان ئیسلام و ئایینە دێرینەکاندا ـ منارە و گومەزی مزگەوت بە نمونە، وسەرەتایەك دەربارەی چوكپەرستی لە کولتورە دێرینەکاندا.

١٥. دەربارەی ڕۆژو لە ئیسلامدا ـ زیانەکانی ڕۆژوی ئیسلامی، ڕەگ‌وڕیشە و ئامانجی ڕۆژوی ئیسلامی، سەپاندنی ڕۆژو لە ئیسلامدا.

١٦. فریادڕەس لە کولتور و ئایینەکانی جیهاندا.

١٧. پیاوانی ئایینی و گوتار و ئاستی مەعریفییان لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا: پیاوانی ئایینی، لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی ودەسەڵاتی ئایینیدا. پیاوانی ئایینی، لەنێوان کاری زانستی ودادگاییکردنی نوسەراندا. گوتاری پیاوانی ئایینی، تێکەڵەیەك لە نەزانین و تەشهیر و تەکفیر.

١٨. کورتەی مێژوی پێغەمبەرایەتی ـ نهێنیەکانی وەحی و پێغەمبەرایەتی و ئەزمونی ڕۆحی، لە ڕوانگەی زانستی دەمارناسی و مێشکناسیەوە. ئەمە هێشتا لە سەرەتادایە.

١٩. ئیمامی دوازدەهەم (مەهدی) لە بیری ئایینی ـ سیاسیی شیعەی ئیمامیدا ـ لە نێوان گریمانە و واقیعدا.

٢٠. نسخ الآيات، بين القرآن وعلم الناسخ والمنسوخ.

ج. پرۆژەیەکیشم هەیە لەسەر قورئان کە حسابی وردم بۆ هەمو وشە و پیت و نوختە و سەروبۆرێکی قورئان کردوە و پشتم بە خوێندنەوە و موصحەفە جیاوازەکانی قورئان و دەستنوسەکانی قورئانیش بەستوە. کە ئەمەیان شتێکە ئیتر لە توانای خوێنەواری کورد بەدەرە. لە کاتی خۆیدا ئاگادار دەبن ئەو پرۆژەیە چیە و چ شۆڕشێك دەکات لە بواری توێژینەوەی قورئاندا.

ئینجا بزانم ئەو کاتە ئیسلامیەکانی کوردستان چ وەڵامێکی زانستییان دەبێت.. وەڵامی زانستییان دەبێت یان تەنها سکاڵا و هەڵچون.

بەڵکو بە ڕاشکاوی دەیڵێم: ئامانجی من گەیشتنەوە بە / و بەڵکو پێشدانەوەی / توێژینەوە جیهانیەکانە لە بواری لێکۆڵینەوەی قورئاندا، نەك مشت‌ومڕ لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و خوێنەواری سادە و کۆمەڵێك وتار و نوسینی ناوخۆیی (محلي).

کوان خوێنەوارە جیددیەکانتان؟!

کێشەیەکی من بە دەست ئیسلامیەکانەوە ئەوەیە هەمو جارێك من توشم دەبێت بە توشی نوسەرێکی لاوەکییانەوە. هیچ کاتێك خوێنەوارێکی ئیسلامی کە شت بێت و شایەنی ئەوە بێت کە بە جیددی وەڵامی بدەمەوە نەهاتوە بەدواداچون بۆ نوسینە ڕەخنەییەکانی من بکات. کاتی خۆی (دەوروبەری ٢٠٠١) توێژینەوەیەکی ڕەخنەییم لەسەر (ئیعجازی زانستیی قورئان) نوسی و لە گۆڤاری (هەژان) دا بلاوم کردەوە (کە ئەو کاتە بیست سالانێك بوم).. چاوەڕێی ئەوە بوم نوسەرە کوردە دیارەکانی بواری (ئیعجازی زانستیی قورئان) (وەکو "شەماڵ موفتی" و نەشئەت غەفور")، هەڵوێستیان هەبێت، بەڵام جگە لە هەندێك قسە و گلەیی و شکات(!) کە پێم دەگەشتنەوە هیچ هەڵوێستێکیان نەبو، لەبریی ئەوانە ڕۆشنبیرێکی ئیسلامی هات و وەڵامی منی دایەوە و داکۆکیی لە (ئیعجازی زانستیی قورئان) کرد کە جگە لە کۆمەڵێك بڕوبیانوی (ئیمانی) هیچی تری نەخستە پاڵ بابەتەکە، بەڵکو لە نەشارەزایی خۆیەوە هاتبو نکولیی لەو یاسا زمانەوانیانەش کردبو کە من بۆ ساخکردنەوەی لێکدانەوەکان پشتم پێ بەستبون!!.. بۆ نمونە: من باسی ڕێسای (تأنیث) ی (اسم الجمع) کردبو، کەچی ئەو، جگەلەوەی (اسم الجمع) و (الجمع) ی تێکەڵ کردبو، لە خۆیەوە وتبوی ئەو ڕێسایە ناکۆکیی قوتابخانەی (کوفە) و قوتابخانەی (بەصرە) ی تێدایە!!

جا قسەکەی من ئەوەیە: باشە خوێنەوارە ئیسلامیە جیددیەکان لە کوێن ئەگەر هەن؟ بۆ هیچ کاتێك خوێنەوارێکی ئیسلامی نایەت وەڵام بداتەوە کە ئێمە مشتومڕی لەگەڵ بکەین و کاتەکەمان لەگەڵی بە فیڕۆ نەچێت؟ بۆ هەر هەندێك ڕۆشنبیری سادە و کۆلکە خوێنەوار ڕوبەڕومان دەبنەوە؟ کوان خوێنەوارەکانتان؟ کوان وەڵامە زانستیەکانتان؟ هەر دەزانن سکالا تۆمار بکەن و هەندێك وتاری ڕۆژنامەیی بنوسن و نارەزایی دەربڕن؟!!

sarwar-penjweni@hotmail.com